# کاتێک ئەستێرەکانی هۆلیوود بێ هۆش دەبن

وا پێدەچێت خواردنەوەی لە رادەبەدەری کهول لەنێو ئەستێرە سینەماییەکانی هۆلیوود خەریکە ببێتە نەریتێک، بەپێی سەرژمێرییەک کە گۆڤاری (N.B.I)ی ئینگلیزی بڵاویکردۆتەوە ٩٠٪ ی ئەستێرەکان بەبێ سنوور کهول دەخۆنەوە، ٦٠٪ شیان هۆگری خواردنەوەی کهولن ٣٠٪ یان پێویستیان بە چارەسەری خێرا هەیە و ١٠٪ مەترسین بۆ سەر ژیانی خۆیان و خەڵک.

چونکە هەندێکیان دەبنە دڕندەیەکی بێ بەزەیی و ئەوەی بەدەستی بگات تێکی دەدا و دەیشکێنێ وەک ساموێل جاکسۆن کاتێک کەوتە گیانی هاوسەری پێشووی، هەندێکی دیکەشیان ئەوەی لەنێو دڵی هەبێت بەسەرخۆشی دێتە سەر زمانی و دەری دەکات و رەنگە ئەگەر سەرخۆش نەبێت نەتوانێت باسیان لێوە بکات، چونکە کار دەکاتە سەرکار و ژیانی تایبەتی وەک میل گیبسۆن کاتێک گوتی: جوولەکە هۆکاری هەموو شەڕەکانی جیهانن، جگە لە میل گیبسۆن چەند ئەستێرەیەکی دیکەش دووچاری هەمان هەڵوێست بوون وەک: وینۆناجود ونیک لۆنت و چەندانی دیکە لەوانەش میشێل ردۆریگز و سینیشان، واترۆس کە بوونە باسی دەزگاکانی راگەیاندنی ئینگلیزی کاتێک بڕێکی زۆری کهولیان خواردەوە و چەند هەڵوێستێکی ناشیرینیان لەسەرشەقام ئەنجامدا و لەلایەن پۆلیسەوە دەستیگر کران، سینیشیا واترۆس دوای دەستگیرکردنی گوتی: من بۆ ئاهەنگی لەدایکبوونی کچی خوشکم داوەت کرابووم، ئامادەبووان خۆیان لێم نزیک دەکردەوە، کاتێک یەکێکیان هەوڵیدا وێنەم لەگەڵدا بگرێت زۆر بە توندی پاڵم پێوەنا و کەوتە خوارەوە، ئەوکاتە هەستم بە ترسێکی زۆر کرد و رووم لە شەقام کرد و نازانم چۆن هاتوومە فەرمانگەی پۆلیس، هەردووکیان لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کران، میشیل رۆدریگز هەزروو بەکەفالەت ئازاد کرا، سینشیا دوای ٥ رۆژ دەستگیرکردن ئەویش بە کەفالەت ئازاد کرا.

"رۆبێرت داونی" ش چەند جارێک کەوتۆتە نەخۆشخانە بۆ چارەسەرکردن لە هۆگری و خواردنەوەی زۆری کهول، دواجاریش دەستگیرکرا کاتێک لە ژێر کاریگەری مادده کهولییەکان ئۆتۆمبیلی لێدەخوڕی و خرایە نێو بەندیخانە هەرلەوێش بڕیاریدا بەیەکجاری واز لە خواردنەوە کهولییەکان و مادده بێهۆشکەرەکان بهێنێت، پامیلا ئەندرسۆنیش تووشی گرفتی خواردنەوەی کهول هاتبوو، بەڵام دواتر توانی خۆی لەم گرفتە رزگار بکات، کەچی ئێستا خەریکە دووبارە هەواڵەکانی پامیلا بڵاودەکرێنەوە بەتایبەتی دوای نزیکبوونەوەی لە جی کید رۆک کە ساڵێک لەسەرکهول زیندانی کرابوو.

هەندێک ئەستێرەی دیکەش هەن کە هۆگری خواردنەوە کهول بوون،توانیان ئەم حاڵەتەیان لە دەزگاکانی راگەیاندن و لە خەڵکیش بشارنەوە وەک ساندرا پۆلۆک کە ماوەیەک لە نەخۆشخانە کەوت بۆ چارەسەرکردن و، دواتریش توانیی هەمان رۆڵ بگێڕێت لە فیلمی (28days) هەروەها گۆرانیبێژ رۆبن ویلیامز کە ئەویش بە خواردنەوەی کهول ناو بانگی دەرکردوە کاتێک لەسەر تەختی شانۆ بە شووشەیەکی کهولەوە ئامادەبوو، سەرەڕای ئەمەش توانیبووی تارادەیەک زۆر هۆگری خۆی لەسەر خواردنەوەی کهول بشارێتەوە، بەڵام حاڵەتی ویتنی هیوستن و سەربوردەی لەگەڵ خواردنەوەی کهول لە گشت ئەستێرەکانی دیکە مەترسیدارتربوو، چونکە جارێکیان وازی هێنا، بەڵام دووبارە دەستی بە خواردنەوە کردەوەو ئەمجارەیان خەریک بوو کۆتایی بەژیانی بهێنێت، نابێ ئەوەش لە یاد بکرێ کە رایەکی وا هەیە کە ئەلفێس برێسلی بەهۆی کاریگەری کهولەوە گیانی لەدەستدا بێت، نوێترین کێشە خواردنەوەش ئێستا کێشە هونەرمەند هالی جویلە کە دووچاری دوو کێشە بۆتەوە لەیەک کاتدا ئەوانیش خواردنەوەی کهولە لە ژێر تەمەنی رێگا پێدراو دووەمیشیان لێخوڕینی ئۆتۆمبێلە بەسەرخۆشی.







